# رۆژی قەدەغەکردنی جینۆسایدو ڕێزگرتن لە قوربانیان




٧٧ ساڵ لەمەوبەر بڕیاری قەدەغەکردنی جینۆسایدو سزادانی بکەرانی دەرچوو, ١٠ ساڵ لەمەوپێش لە لایەن نەتەوەی کگرتووەکانەوە بە بەشداری ١٥٣وڵەت بڕیاری ئەوە درا ئەم رۆژە وەك رۆژی جیهانی قەدەغەکردنی جینۆسایدو ڕێزگرتن لە قوربانیان و سزادانی بکەرانی بناسرێت , مرۆڤایەتی خرایە بەردەم ئەرکێکی ئەخلاقی کە بەرەو ڕووی جینۆساید ببێتەوە.
جینۆساید یەکێکە لەو تاوانە گەورانەی مرۆڤایەتی بە دەستییەوە دەتلێتەوە, تاوانێکە بوونی گروپە مرۆییەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز، نەتەوە، ئایین، بیروباوەڕ.....دەکاتە ئامانج, هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی, ڕێگریکردن لێی بەرپرسیارێتییەکی دەستەجەمعییە, پێویستی بە هاوکاری دەوڵەتان,دامەزراوەکان, تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە.
لێ لە کاتێکدا یادی ئەم رۆژە لە کوردستان دەکەینەوە, بە داخەوە لە عێراقەکەی ئێمە کە ٦٦ ساڵە پەیوەست بووە بە ڕێکەوتننامەکەوە, کەچی پرۆسەی جینۆساید بە دوای پرۆسەی جینۆساید تیایدا دووبارە دەکرێتەوە, تاوانبارانی جینۆساید ئازادن و لە پێگەی خۆیانەوە وەك بەشداربووی تاوان سەیر ناکرێن و دان نانێن بە ڕاستییەکاندا, لە بۆنەکاندا وەك ڕێزلێگیراو دەردەکەون و دوای مردنیان پرسەی شاهانەیان بە ئاڵای

کوردستانەوە بۆ دادەنرێت, ئێستا لەوپەڕی هێزو دەسەڵاتی خۆیاندان لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و .....
پێویستە ژینگەی لە بار بۆ دووبارە نەبوونەوەی جینۆساید پێك بهێنرێت وەك پابەند بوون بە پاراستنی مافی مرۆڤ, سزادانی تەمجیدی تاوانبارای جینۆساید و تاوانە گەورەکان, پابەند بوون بە رێکەوتننامە جیهانییەکان, هاندانی کلتوری ئاشتی و پێکەوە ژیان و جیهانێکی ئاشتیانەتر و شکۆمەندتر بۆ هەموو گەلان.
بۆ ئەوەی رێز لەو بڕیارە جیهانییە و قوربانیانی جینۆساید بگرترێت و قوربانیان کەرامەتیان پارێزراو بێت, پێویستە دەست بەجێ تاوانباران دادگایی بکرێن, ئەوە گەڕاندنەوەی رێزو کەرامەتە بۆ قوربانیانی جینۆسایدی گەلی کوردستان. هەر لێرەوە وەك ئەم ڕێکخراوانەی ناوییان لە خوارەوە هاتووە داوا لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عیراق دەکەین ئەم ڕۆژە بە فەرمی بناسێنن بکرێتە ڕۆژێکی تایبەت تیایدا ڕێز لە قوربانیانی جینۆسایدی کوردستان و عێراق بگرن و وەڵام بە سەرجەم داواکارییەکانیان بدرێتەوە لە دادگاییکردنی تاوانباران, باشترکردنی ژیانیان, داوای لێبوردن کردن لێیان, قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوییان, گەڕانەوەی ڕوفاتی ئازیزانیان , ئاشکراکردنی راستییەکان و ئازادکردنی هەموو بەڵگەنامەکان, بۆ دووبارە نەبوونەوەی جینۆسایدو دڵنەوایی قوربانیان عێراق دەست بەجێ ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

لە کۆتاییدا داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین کە میکانیزمی کاریگەرتر بۆ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و دەستێوەردانی خێراترو کاریگەرتر و لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی تاوانەکان بەبێ جیاوازی پەرەپێبدات, بۆ ئەم مەبەستە دەسەڵاتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەهێزترو فراوانتر بکات.
لە کۆتاییدا جگە لە ئیدانەکردنی تاوانەکانی جینۆساید کە بەرامبەر بە گەلەکەمان ئەنجامدراون لە ئێستاو مێژوودا هاوسۆزی تەواومان لەگەڵ قوربانیانی جینۆساید بە درێژایی مێژوو لە تەواوی جیهان دەردەبڕین، لەوانە قوربانیانی هۆلۆکۆست، ئەرمەن, ڕواندا, بۆسنە،بەنگەلادیش.........تاوانەکانی دیکە, کە هەرگیز نابێت دوبارە ببنەوە.

ناوی رێکخراوەکان :

١- رێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان
٢ تۆڕی ئایکان کوردستان
٣ رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان
٤ رێکخراوی جیهان بێ چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی
٥ هەلمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان
٦ هەڵمەتی دادپەروەری
٧-ناوەندی داکۆکی پشدەر بۆ قوربانیان وجینۆسایدکراوان
٨-رێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید
٩ -تۆڕی هاوپەیمانی رێکخراوە کوردستانییەکان بۆ دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی-koncicc
١٠-رۆژنامەی نگرە سەلمان
١١-تۆڕی رێکخراوە کوردستانییەکان بۆ قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ-KNOW
١٢-رێکخراوی چاودێری کوردستان-چاك کوردستان
١٣-گۆڤاری تۆبزاوە

009647503714620